# هەڕاجە ... ئینسان !!!



هیوا ناسح ـ سویسرا
hiwanaseh@hotmail.com

دەمێکە بیرمەند و فەیلەسوفێکی ناسراو وتوویەتی (مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە لە جیهاندا)، بە مانایەکی تر مرۆڤ ئەوەندە بە بایەخە کە هەرگیز لە بەها و نرخ دانان نایات. ئەوەی باو و نەریتە لاشمان، ئەوەیە، هەر کەسێک، کاتێ بە هەر هۆکارێکەوە دەکەوێتە قەیرانێکی ئابوری سەختەوە، یەکەم شت کە بیری لێدەکاتەوە، فرۆشتنی سامان و کالآ گرانبەهاکانییەتی وەک زێڕ و ئۆتۆمبیل و خانوو... هتد، هەندێک جاریش کار دەگاتە ئەوەی کە کەلوپەلی ناومالّی وەک فەرش و کتێبخانە و ئامێری ناومالّ بفرۆشێت، بەلآم ئایا دەلّێن چی ئەگەر مرۆڤ ڕۆژێک بگاتە تەنگانە و بارێکی وا، بۆ ئەوەی خۆی و منالّەکانی تری بژێنێت، باوکێک ناچار بێت یەکێک لە منالّەکانی بفرۆشێت و بیخاتە دابەزاندن (مەزاد)ەوە ؟!!

ئازیزان ئەمەی سەرەوە، نە ڕوداوێکی سەدەکانی ناوەڕاستە و نە بڕگەیەکی ناو ڕۆمانێکی لە جۆری(کوخەکەی مام تۆم) یشە، بەلّکو ڕوداوێکی بویەرو ڕاستینەی ئەم سەدەی ئینتەرنێت و مۆبایل و تەکنەلۆژیای ئەندازەی بۆماوەیی یە!!
لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی ژمارە (٩٩٩٢) ی ڕۆژی ٧ ی ئەم مانگە دا، وتارێک بە ناوی ( بە یارمەتیت.. کوڕەکەم لێ دەکڕیت؟) بلآوکرایەوە. لەم وتارەدا کە باس لە ناوچەکانی جامو و کشمیر و باشوری هیندستان دەکات، خوێنەر، لوتکەی تراژیدیای فرۆشتنی مرۆڤ دەخوێنێتەوە، کە قوربانیی ململانێی نێوان هیند و پاکستانن. بەلّێ لەم ناوچە هەژار و قەیراناویەی، کە تەنانەت ماسمیدیای جیهانیش هەر بایەخ بە لایەن و ڕوداوە رامیاریەکانی دەدەن و ڕووە مرۆڤانە و تراژیدیەکانیان پشتگوێ خستوە، کەسێک دەتوانێت بە نرخی ٥ تا ٢٠ هەزار ڕوپیە ( دەکاتە نزیکەی ١١٠ تا ٤٥٠ دۆلاری ئەمریکی) مرۆڤێک بکڕێت!! بەلّێ بیکڕێت...
بۆنمونە لە ناوچەی( دودا) کە دەکەوێتە ٢٧٠ میل باکوری جامو و کشمیر، کە بەهۆی ململانێ و توندوتیژی و پێکدادانەکان، ناتوانرێت ئەو خزمەتگوزاریانەی پێویستە بۆ پێشخستنی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی، کە دەبێت حکومەت دەستەبەری بکات، جێبەجێ بکرێت. نزیکەی ٦٠٠ خێزانی هیندۆس و موسولّمان لە ناوچەکە، بە هۆی هەژاری لەڕادە بەدەر و نائارامی و شەڕ وپێکدادانەکانەوە، کۆچیان کردوە و لە ئۆردوگای

پەنابەرانی ( تالوارا) دا نیشتەجێ بوونە. بۆیە زیاتر لە ٢٠٠ خێزان بەناچاری منداڵەکانیان، بە کەسانی دەوڵەمەند و ساماندار، فرۆشتوە یان خستۆتە ڕەهنەوە !!!

لە دوا ڕوداوی لەم جۆرەشدا کۆمەڵێکی زۆر لە باوکان و دایکان، منداڵەکانیان کە زۆربەیان کچ بوون ، لە دابەزاندن و هەراجێکی ئاشکرادا و لەگەڵ کارتی نرخەکانیاندا، کە لە ٧٠٠٠ ڕوپیەوە (= ١٦٠ دۆلار) دەستی پێ دەکرد، خستەڕوو!



**وەرنەوە...هەراجە..هەراج...ئینسان !!!**

هەڵبەت خوێنەری بەڕێز دەزانێت، کە نیشانەی سەرسوڕمانەکان هی نوسەری ئەم چەند دێڕەن، چونکە وا پێ دەچێت، ئەم دیمەنە، لەو ناوچە بێبەش و دوورە دەستانەدا، یەکەم و دوا هەراجخانەی مرۆڤ نیە و ناشبێت، دووریش نییە، ئەوان ئێستا لایان (ئاسایی !!) بووبێتەوە.

دواتر پۆلیس دێن و بڵاوە بە خەڵکەکە دەکەن، چونکە ئەمە دژی یاسایە !!!؟؟

نور محەمەد یەکێک لەو باوکانەیە و وێڵە بە دوای کڕیارێکدا بۆ کوڕە هەشت ساڵانەکەی کە ناوی ( ئیشفاق) ە و تەنهاش ١٠ هەزار ڕوپیە(نزیکەی ٢٢٥ $) لە بری کوڕە شیرینەکەی داوا دەکات. پێشتریش ئەم کوڕێکی تری پێنج ساڵانەی بە ١٢ هەزار ڕوپیە(نزیکەی ٢٧٠ $) بە ماڵێک فرۆشتوە. ئەم، کە پێش چەند ساڵێک دەستی ڕاستی لە تەقینەوەی بۆمبێکدا پەڕیووە، دەڵێت (هیچ چارێکی ترم نییە، تەنها خستنەمەزادی کوڕەکەم نەبێت، بۆ فرۆشتنی. ئاخر سێ کچم هەن، کە هەر دەبێت بە شوو یان بدەم، وە من ناتوانم هیچ کارێک بکەم، بۆیە کوڕەکەم هەڕاج دەکەم). کاتێک پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوبراو لە( ئیشفاق) دەپرسێت کە ( بۆچی ڕازی دەبیت باوکت بتفرۆشێت و بگرە هاوڕاشی لەگەڵی؟)، لە وەڵامدا دەڵێت ((باوکم منی خۆش دەوێت بەڵام چۆن دەتوانێت خوشکەکانم بە شوو بدات. من دەبێت لەگەڵ ئەو ماڵەدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک کار بکەم کە دەمکڕن، بۆ ئەوەی باربووی باوکم بکەم بۆ بە شوو دانی خوشکەکانم).

کریشنا دیفی ژنێکی ترە، هەر سێ کچەکەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٠ تا ١٦ ساڵدان، هەر یەکەی بە ١٠ هەزار ڕوپیە فرۆشتوە، ئێستە ئەوان وەک خزمەتکار لە ماڵی کڕیارەکانیاندا کار دەکەن یان بەکرێ دەدرێن !! نیغات بی،کە ژنێکی پەنجا ساڵی ترە و پێش حەوت ساڵ مێردەکەی بە دەستی(حیزبی موجاهیدین) بە تاوانی هاوکاری هێزی ئاسایشی هیندی، کوژراوە، دەڵێت( هیچ چارێکی ترم نەبوو،....، دەبوو هەر پێنج منداڵەکەم بەخێو بکەم،

بۆیە کوڕ و کچێکم بە ٢٥ هەزار ڕوپیە(نزیکەی٥٧٠ $) بە ڕەهن دا، ئەو بڕە پارەیەش یارمەتیداین بژین،...،ئێستا دەمەوێت منداڵەکانم بگێڕمەوە بۆ خۆم بەڵام ئەو بڕە پارە داواکراوەم نی‌یە). دیارە زۆر لە باوکان و دایکانی تری منداڵانی بە ڕەهن دراو هەمان هەست و گرفتی دیفی کریشنایان هەیە و داوا لە حکومەت دەکەن، پارەی داواکراویان بۆ دەستەبەر بکات.



(بوجا)ی نۆزدە ساڵە پێش ٨ ساڵ لە لایەن باوکیەوە، بە ١٠ هەزار ڕوپیە و بۆ کاروباری ماڵ، درا بە ڕەهن بە ماڵێک، ئەو دەڵێت کە هەموو کارێکیان بۆ دەکات بەرامبەر بە مانگانەی ٥٠٠ ڕوپیە (١١ دۆلار)، لەمەش بەشێکی دەداتە خێزانەکەی، بۆ بژێوییان. ئەو هەست دەکات، کە لە حاڵێکی خراپ دایە. مەحاڵە ئەو ئازاد بکرێت، تا باوکی بڕە پارەی بڕیارلێدراو نەگێڕێتەوە.

خوشکەشی کە ناوی(میتو)یە هەر هەمان چیرۆکی هەیە، بەڵام ئەو لە چاو هاودەردەکانیدا، بەختەوەرە (!!) چونکە ئەو ماڵە ئەربابەکەی، هەرچەندە پارەی خواردنی ڕۆژانەشی لێ دەستێننەوە، بەڵام ڕێگەیان پێداوە کە بخوێنێت.


سەرچاوە/

– جريده الشرق الاوسط ، عدد (٩٩٩٢) ٧ ابريل ٢٠٠٦، ( أرجوک.. هل تشتري ابني؟)